# یەکێتی و پارتی  پرۆسەی هەڵبژاردن

ئەحزابی قەومی کورد لە پێشەوەیەندا یەکێتی و پارتی بە درێژای تەمەنی خۆیان بەهۆی ئەوەی هەرگیز ئاسۆیەکی ڕووناکیان نەبووەو ستراتیژێکی جێگیریان نەبووە بۆ سیاسەت و وەڵام دانەوە بە ستەم و چەوسانەوەیەك کە لەسەر خەڵکی کوردوستان بووە . هەمیشە و لە هەر قۆناغێکدا بەپێی ئەوەی بۆیان گونجا بێت یاخود ڕەوەندێکی سیاسی دیاریکراو هاتبێتە پێشەوە کاریان کردووەو خۆیان گونجاندووە . لەم ڕەوەندانەدا ئەوەی بۆ ئەم حیزبانە گرنگ و جێگای تەنانەت سەرنجیان نەبووبێت چارەنووس و ئیرادەو دەخالەتی خەڵکی کوردوستان بووە .گرنگ بۆ ئەوان کورسی حوکم و شەراکەتی داهات و سەرکووتی نارەزایەتی خەڵك بووە . ئەم دوو حیزبە بەردەوام و لە هەرقۆناغێکدا سەرخەتی بزووتنەوەکەیان چەند داواکاریەك بووە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نەبووە بە ئاوات و ئارەزوویەك کە خەڵکی کوردوستان هەیان بووە بۆ ڕزگار بوون لە ستەمی میللی و کوشتارگایەك کە بۆیان سازدراوە . گفتوگۆ , ئۆتۆنۆمی , شەڕ , پەیوەندی لەگەڵ دەووڵەتانی دژی خەڵکی کوردوستان , هەڵبژاردن کە دواین ڕەوەندێکە ئەم حیزبانە چارەنووسی خۆیان پێوە هەڵواسیووە لە عێراقی دوای ڕووخانی بەعس و داگیرکاری ئەمەریکادا . ئەم دووحیزبە دەیانەوێت لە ڕێگەی هەڵبژاردن و بانگەشە بۆ هەڵبزاردن ئەو واقیعەتە سیاسیە لەبەر چاوی خەڵکی کوردوستان پەردەپۆش بکەن کە لە ئارادایە . واقیعەتی گێڕانەوی خەڵکی کوردوستان بۆ ژێر دەسەڵاتی شۆڤێنیەتی عەرەبی و دەستورو قانوونەکانی سیستانی و ئایەتووڵاکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەگەر بۆ یەکێتی و پارتی هەڵبژاردن و بەشداری خەڵکی کوردوستان بەمانای بردنی بەشی زیاترە لە کورسی و پلەو پایەی ئیداری و دەستەڵات ئەوە بۆ خەڵکی کوردوستان بەمانای دەست و پێبەستنیانە لە بریارێك کەدەتوانێ کۆتای بە ستەمی میللی و چەوسانەوەی قەومی بهێنێت .خەڵکی کوردوستان ئەزموونی زیاتر لە سیانزە ساڵ جۆری حاکمیەت و حوورمەت نەگرتنی ئینسانەکانی هەیە لە سایەی ئەم حیزبانەدا خەڵکی کوردوستان باش ئەزانن کە ئەم دوو حیزبە دەنگی خەڵکیان تەنها وەك وەسیلەیەك دەوویت بۆ پێشبڕکێ و کورسی زیاتر بۆ خۆیان خەڵکی کوردوستان شاهیدی ئەوەن کە بۆ زیاتر لە سیانزە ساڵە بۆ یەکجاریش ئەم حیزبانە نەگەڕاونەتەوە بۆ لای بریاری خەڵك و هەگیز کاریکیان ئەنجام نەداوە زیانی دەستەڵاتەکەی خۆیان و بەرژەوەندی خەڵکی کوردوستانی تێدا بووبێت . هەموو بینمان کە خەڵکی کوردوستان چۆن لە دژی شەڕی ناوخۆ بە شێوەی جۆراو هاتنە مەیدان و ئەم حیزبانە حیسابیان بۆ خەڵك نەکردو تەقەیان ئەکرد لە ڕێپێوان و ئیرادەی خەڵك . هەموو ئاگاداریین کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردوستان ڕەخنەی لە دوو ئیدارەی هەیەو داوای ئەوە دەکەن کە هەر دوو ئیدارە ببن بەیەك . ئەم خواستەی خەڵك بۆ ئەوە نیە کە ئەگەر ئەم دوو ئیدارەیە یەکیان گرت ئیتر کێشەیان نامێنێت بەڵکو بۆ ئەوەیە کە نارەزایەتیەکانیان ڕووبەڕووی یەك دەستەڵات بکەنەوە نەك دووان .چونکە خەڵکی کوردوستان ئەوەیان بۆ ئاشکرا بووە کە ئەم حیزبانە ئەگەر پێکەوەبن خوێنی خەڵك دەخۆن ئەگەر پێکەوەش نەبن خوێنی خەڵك دەرژن . ئەم خواستە کوا ئەم حیزبانە گوێیان لێگرتووەو بۆ یەکجاریش وەڵامی دروستیان بە خەڵك داوەتەوە . ئەم دوو حیزبە خەڵکیان وەك پەیژەو ئامێرێك دەوێت کە بەسەریدا سەر بکەون بۆ کۆشکی دەستەڵات نەك بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەران بۆ خەڵکی کوردوستان . ئەوە زیاتر لە سیانزە ساڵە لەسەدا سەدی کورسی و بریار و پارە لە دەستی خۆیاندایە چیان بۆ خەڵکی کوردوستان کردووە . یەکێتی و پارتی دەیانەوێت وا نیشان بدەن بەشی زۆری ئەوان لە دەستەڵات و بردنی کورسی زیاتر بە مانای وەڵام دانەوەیە بە کێشەکانی خەڵکی کوردوستان لە کاتێکدا ئەم پروپاگەندانە دەکەن خەڵکی کوردوستان بۆ یك چرکەش ئاگاداری ئەوە نیە کە ئەم حیزبانە خەریکی چین و بەرنامەو پەیوەندیان لەگەڵ دەورو بەر لەسەر چ بناغەیەکە . ئەم دووحیزبە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ و ڕێگرین کەئاکامی بنبەستی سیاسی , وەستانەوە ڕووبەڕووی داواکاری خەڵکی کوردوستان بۆ کۆتای هێنان بەدیار نەبوونی چارەنووس و ئایندەیان لەم هەلومەرجە سیاسیەدا, لەگەڵ بێ بڕوایەکی تەواو کە خەڵکی کوردوستان هەیانە بەم دوو حیزبە وە ڕەوینەوەی تەوەهومی خەڵك بە پەیمان و بە لێنەکانیان کە چەندین ساڵە بەبێ ئەنجام ئەیبەخشنەوە . یەکێتی و پارتی بۆیان ئاشکرا بووە ئەو سەردەمە ڕۆی کە نەخۆش بە قەرەوێڵەکەیەوە بچێت بۆ بەردەم سندوقی دەنگدان و ژنان بە

چاوی گریانەوە لە پرسەکانەوە بڕۆن و سەرەی دەنگدان بگرن ئەم واقیعەتە زۆر بە ئاشکرا لە قسەی خەڵك و سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی دا بە ڕوونی بەرجەستەیە . سەیرکەن تاڵەبانی لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ مەڵبەندی سلێمانی خۆیان کردی بەئاشکرا دەڵێت بۆ ئەوە هاتووم تکایەکتان لێ بکەم کە بچن ناوی خۆتان بنووسن و بە خەڵکیش بڵێن ناویان بنووسن ئەم تکایەو ئەم تەکلیفە مانای سیاسی هەیەو ئەم قسانە زۆری جیاوازە لەگەڵ قسەکانی هەڵبژاردنی پێشوو . بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ عەشیرەتی غەوارە ئەویش هەر ئەم تکایەو ئەم تەکلیفەی هەبوو . یەکیەتی و پارتی زۆر بە وریایەوە بەدواچوونی هەڵوویستی خەڵکی کوردوستان دەکەن سەبارەت بە بەشداریان لە هەڵبژاردن ئەم دوو حیزبە ئاگادارن کە خوێندکارانی زانکۆ چۆن تەعبیریان کرد لە هەڵبژاردن و جێگەو ڕێگای ئەم دووحیزبەیان چۆن هەڵسەنگاند زۆر بە ئاشکرا ووتیان هەر ئەو حیزبانەن کە ووتیان قالاوا ئەکەین بە نیۆرك کوا . ئەم دوو حیزبە زۆر باش ئاگادارن کە خەڵك لە ڕیپۆرتاژ و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا چۆن بەیانی هەڵوویستی خۆیان دەکەن کەسێك دەڵێت ڕۆژی هەڵبژاردن دوو کاتژمێر زیاتر دەخەوم . یەکێکی تر دەڵێت لە هەڵبژاردنەکەی سەدام دەچێت من دەنگ بدەم و نەیدەم وەك یەك وایە . بایعەکان دەڵێن کەس نایەت بۆ فۆرمەکان خەڵك هیچ حەماسێکی نیە لە کاتی ڕێکەووتنە مێژوویەکی یەکێتی و پارتی بۆ پاوان کردنی جارێکی تری دەستەڵات و بەشدانی حیزبەکانی دەوروبەریان بینیان کە یەك کەس وەك ئومێدێك بەم پرۆسەیە نەهاتنە سەر شەقام و وەك جاران چەپڵەو شۆڕو شەوق دیار نەبوو . لە نێو ئەم کێشمە کێش چۆنیەتی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردوستاندا بزووتنەوەیەك هەیە بەدیل و ئاسۆ و ئامانجی جیاوازی پێیە بۆ خەڵکی کوردوستان ئەم بزووتنەوەیە دەیەوێت خەڵکی کوردوستان خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و ئەو ئایندەیەی دەیانەووێت خۆیان نەخشەی بۆ بکێشن ئەو بزووتنەوەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کەمپینی ڕیفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردوستان سێکوچکەی بنبەستی یەکێتی و پارتی ناڕەزایەتی خەڵك و دیارنەبوونی چارەنووسیان لەگەڵ بوونی ڕابەرایەتیەك کە دەیەوێت ئیرادەی خەڵکی کوردوستان بهێنێتە مەیدان بۆ دیاری کردنی خواستێك کە هەیانە دەبێت یەکان گیریان بکەین و ئەو هاوکێشەیەی لێدەربهێننین کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردوستان لە هەلومەرجێکدا قەرارین گرتووە ڕووبەڕوون لەگەڵ دەسەڵاتێکی بن بەست , ناڕەزایەتیەکی فراوان , ڕابەرایەتیەکی ئامادەو بەرچاو ڕوون بۆ کۆتای هێنان بە ستەمی میللی و کۆتای هێنان بە هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەی یاوەرو عەلاوی و سیستانیەکان . هەڵبژا دن چارەنووسی یەکیێتی و پارتی پێوە بەندە نەك خەڵکی کوردوستان وەڵام بەم هەلومەرجەی ئێستا وەڵامێك کە بتوانێت دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردوستان مسۆگەربکات گەڕانەوەیە بۆ ڕەئی خەڵکی کوردوستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازادا پێش هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لێیان بپرسن کە دەیانەوێت لە چوار چێوەی عێراقدا بمێنەوە یان وولاتی سەربەخۆیی خۆیان پێك دەهێنن . هەر بڕیارێك لە دەرەوەی دەخالەتی خەڵکی کوردوستان لە دژی خەڵکەو دەبێت بەر نەفرەت بکەوێت . بۆ ئەوەی چارەنووس و ئایندەیەکی ئینسانی دیاری بکەین دەبێت لە نێوان مانەوە لە چوارچێوەی عێراق و سەربەخۆیدا هەڵبژاردن بکەین کە ئێمە پێمان باشە خەڵکی کوردوستان دەنگ بە سەربەخۆیی بدات . نەك هەڵبژاردنێك یەکێتی و پارتی بۆ دەستەلات و جێگاو ڕێگای خۆیان خەریکن خەڵکی کوردوستانی بۆ پەلکێش دەکەن .

**هیدایەت مەلا عەلی**